# بەشی دووەم

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوە

## تەوەری یەکەم

# کورتەیەکی مێژوویی جوگرافی شاری هەولێر

## ١- کورتەیەکی مێژوویی و هونەری شاری هەولێر:

زانایانی شوێنەوارناس هەولێر بە لانکەی ژیان و مرۆڤایەتی دادەنێن، بەڵگەشیان بۆ ئەم ڕایە هەبوونی ئەشکەوتی شانەدەرە لە ناوچەکە کە مێژووەکەی بۆ نزیکەی هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. بەدرێژایی مێژوو هیچ ڕۆژگارێک هەولێر بێ مرۆڤ و دانیشتوان نەبووە و کۆنترین شارە لە جیهان تا ئێستا بە ئاوەدانی ماوەتەوە. زۆربەی ڕاکان وای بۆ دەچن، پێش پەیدابوونی نووسینی سۆمەرییەکان ئەم شارە دروست کرابێت. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیادا هاتووە، لەو سەردەمەدا بە شاری هەولێر وتراوە ئۆربل. هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە، کە شاری هەولێر لە لایەن باپیرانی سۆمەرییەکانەوە دروستکراوە و مێژووەکەی بۆ نزیکەی شەش هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. (مەهدی، 2008، ل.43 -51).

شوێنەوارە کۆنەکانی هەولێر، کۆنترینیان قەڵاکەیەتی کە لە ناوەڕاستی شارەکە دایە، بەرزییەکەی نزیکەی 25 بۆ 26 مەتر دەبێت و ڕووبەرەکەی دەگاتە نزیکەی 102 - 190مەتر دووجا. شوێنەوارێکی کۆنی دیکەی شارەکە، گردی قالیج ئاغایە، کە لە بەشی خوارووی قەڵا بە دووری یەک میل بەدی دەکرێت. بێجگە لە منارەی چۆلی کە دەکەوێتە خوارووی ڕۆژئاوای هەولێر،

لە ڕووی پێکهاتەی نەتەوەییەوە، کورد زۆرینەی دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنن، بە زمانی کوردی دەدوێن، تورکمان بە پلەی دووەم، عەرەب بە پلەی سێیەم، کلدان و ئاشوریش بەڕێژەیەکی کەم تیایدا بەدی دەکرێن. ئەمە بێجگە لەوەی جولەکەش لە کۆندا لە شارەکەدا ژیاون.

سەبارەت بە ڕەوتی ڕۆشنبیری، لە ساڵی 1928 دا یەکەم یانەی ڕۆشنبیری تێدا دامەزراوە. (مەهدی، 2009، ل.209).

لە ڕووی هونەری، گەڵێک ئامێر ژەنی دێرین لە شارەکەدا هەبووە. لەوانە سمایل سەرمابردوو، کە ماڵی لە گەڕەکی سێتاقانی شاری هەولێر بووە، دەفژەنێکی بەتوانای شارەکە بووە. هەروەها حاجی عبدوڵلای دەفژەن، کە لە هەمان کاتدا غەزەل خوێن و قۆریات بێژێکی بەتوانا بووە. بێجگە لە مام خدر مەرجان، کە ئامێری زوڕنای ژەنیوە.

ناودارترین دەفژەنە کۆنەکانی شاری هەولێر ئەمانەن. سەید ئیبراهیم سید مەولود میرزا، دەروێش ڕەمەزان سلێمان، یونس قەساب هەولێری، عبدالقادر کاک مستەفای کاک عەبدوڵلای هیرانی، دەروێش مستەفا، دەروێش عبدوڵڵا حسین مەحەمەد.

هەروەها زەڕبژەن و تەپڵژەنەکانیش لەم کەسانەی خوارەوە پێکهاتبوون، موحسین بەکرعەلی، جەلال سەعید، عوسمان حسین، سالح سەرچناری.

سەبارەت بە ئامێرە فۆلکلۆرییەکانی ناوچەکە، ئەوەی هەبووە زیاتر لە ناوچە دەشتاییەکانی دەورو بەری شارەکەدا بەکارهێنراون، کە بوونەتە سامانێکی گەورەی موزیکی فۆلکلۆری ناوچەکە بەناوبانگترینیان ئەمانەن: دەهۆڵ، زوڕنا، شمشاڵ، دووزەلە، بلوور، دەف، نایە و گەلێک ئامێری دیکە، کە لە کاتی بوک گواستنەوە و ئاهەنگەکاندا بەکاریان هێناوە. زوڕنا ژەنە کۆنەکانی دەشتی هەولێر ئەمانە بوون. سەید کەریم، خدرمەرجان، سەمەد مەحەمەد حەسەن، مەحەمەد خدرساڵح و گەلێکی دیکە.( ئەحمەد، 2009، ل.2795).

لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا لەگەڵ خالید جەمیل (April 14 ،2016) ووتی: مێژووی سەرهەڵدانی مەقامات لە شارەکەدا بۆ 750 ساڵ بەر لە ئەمڕۆ دەگەڕێتەوە، کۆنترین هونەریش لەم بارەیەوە هونەری قۆریات بووە، کە لە ساڵی 1920 سەری هەڵداوە و یەکەم کەسیش کە ئەم هونەرەی چڕیوە مشکۆ هەولێری بووە. گرنگترین تیپە موزیکییەکانی شارەکە ئەمانەن.

- تیپی مۆسیقای دەرسیم کە لەلایەن هونەرمەند جەمال هیدایەتەوە بەرێوەدەبرا.

- تیپی هونەری هەولێر کە هونەرمەند وریا ئەحمەد سەرۆکی بووە لە دامەزرانییەوە هەتا نەمانی تیپەکە. سەرۆکی تیپەکەش مامۆستا جەمال هیدایەت بوو وەک کارگێڕی.
- تیپی مۆسیقای چالاکی قوتابخانەکان کە بە هەمان شێوە سەرۆکەکەی مامۆستا وریا ئەحمەد بوو.
- تیپی منداڵانی هەولێر، 1976 خاوەن بیرۆکە و ڕاهێنەر و دامەزرێنەری مامۆستا وریا ئەحمەد بوو.
- تیپی مۆسیقای خانزاد، لە ساڵی 1980 دامەزرێنەرەکەی مامۆستا وریا ئەحمەد بوو.
- تیپی مۆسیقای سەندیکای مامۆستایان کە لەلایەن هونەرمەند یەحیا مەرجانەوە بەڕێوە دەبردرا.
- تیپی مۆسیقای کاروان، لە ساڵی 1984 دامەزرا شێرزاد حوزێری بەڕێوەی دەبرد.
- تیپی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی، کە لەلایەن هونەرمەند شێرزاد سەرسپی بەڕێوە دەبردرا.
- تیپی مۆسیقای یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان، کە هەر لەلایەن هونەرمەند شێرزاد سەرسپییەوە بەڕێوە دەبرا.
- تیپی مۆسیقای زیروبەم، دامەزرێنەرەکەی مامۆستا وریا ئەحمەد بوو لە ساڵی 1992 تاکو ئێستاش بەردەوامە.
- تیپی مۆسیقای کاوە، کە دواتر ناوەکەی گۆڕا بۆ تیپی کرێکاران، هونەرمەند سەید ئەحمەد بەرزنجی بەڕێوەی دەبرد. یەکەم تۆمارگا لە شارەکەدا تۆمارگای عەبدول لەتیف بوو، کە لە ناوەڕاستی پەنجاکان دامەزراوە و تاکو ئێستاش لە کارکردن بەردەوامە.

## ٢- کورتەیەک لە جوگرافیایی هەولێر:

هەولێر دەکەوێتە نێوان ناوچەیەکی دەشتایی خواروو و ناوچەیەکی چیایی کە لە باکوری خۆرهەڵاتی دایە. ڕووبەرەکەی بە گشتی، نزیکەی 15420کم دووجا دەبێت. لە ڕووی فەلەکییەوە، دەکەوێتە نێوان هەردوو بازنەی پانی 35،30 بۆ 35،15 ی باکوری گۆی زەوی و هەردوو هێڵی درێژی 43،22 بۆ 45،50 ی ڕۆژهەڵات. شارەکە بە گوێرەی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی، شێوەیەکی درێژکۆڵەی لە نەخشەدا هەیە و دەکەوێتە نێوان 35 - 40 بۆ 30 - 37 هێڵی پانی بەرەو باکوور و 20 - 43 بۆ 30 - 45 هێڵی درێژی بەرەو ڕۆژهەڵات، تاڕادەیەک بە دوورییەکی یەکسان لە مابەینی هەردوو زێی بچووک و گەورە دایە. شاری موصل لـە ڕۆژئاوا و قەزای ڕواندز لە باکور و ناحیەی پردێ لـە بـاکوری خۆرهـەڵات و شارۆچکەی کۆیە لە باشوری خۆرهەڵات، سنوری شارەکە پێک دەهێنن و زێی گەورە لە موسڵ و دۆڵی بەستۆرە لە قەزای ڕواندز جیایی دەکاتەوە. بێجگە لە ناوەندی شارەکە سەرجەم ئەو قەزایانەی کە شارەکەیان لێ پێکهاتووە ژمارەیان 10 قەزایە. کە ئەمانەن: ( کۆیە، ڕواندز، دەشتی هەولێر، خەبات، مەخمور، پیرمام، شەقڵاوە، سۆران، مێرگەسور، چۆمان). هەریەک لەم قەزایانەش لە چەندەین نەحیە پێکهاتوون، بەم شێوەیە.

قەزای کۆیە لە کۆیسنجق، تەق تەق، سکتان، سێگردکان، شۆرش و ئاشتی پێکهاتووە. ناوەندی پارێزگای هەولێر لە ناوەندی شار، عەنکاوە، شەمامک و بەحرکە پێکهاتووە.

قەزای مێرگەسۆر لە ناوەندی قەزای مێرگەسۆر، بارزان، پیران، شێروان مەزن، مەزنێ و گۆڕەتوو پێکهاتووە.

قەزای مەخمور لە ناوەندی قەزای مەخمور، گوێر، کەندێناوە، قەراج و مەلاقەرە پێکهاتووە. قەزای شەقڵاوە لە ناوەندی قەزای شەقلاوە، سەلاحەدین، هەریر، هیران، باسرمە و بالیسان پێکهاتووە.

قەزای سۆران لە ناوەندی قەزای سۆران، خەلیفان، دیانا و سیدەکان پێکهاتووە. قەزای ڕواندز لە ناوەندی قەزای ڕواندز و وەرتێ پێکهاتووە. قەزای دەشتی هەولێر لە ناوەندی شاری هەولێر، دارەتوو، کەسنەزان و قوشتەپە پێکهاتووە. قەزای خەبات لە ناوەندی قەزای خەبات، دارەشەکران و ڕزگاری پێکهاتووە. قەزای چۆمان لە ناوەندی قەزای چۆمان، حاجی ئۆمەران، قەسرێ، سمێلان و گەلاڵە پێکهاتووە، واتە بە گشتی لە 46 نەحیە پێکدێت. شارەکە دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەلاتی عیراق، لە باکوری ڕۆژهەلات لەگەڵ تورکیا و ئێران هاوسنورە. هەروەها سلێمانی سنوری باشوری ڕۆژهەلات، زێی بچوک سنوری باشوری هەولێر پێکدەهێنێت و لە کەرکوکی جیا دەکاتەوە. هەروەها لە باکوری ڕۆژئاواش ڕووباری شین لە پارێزگای دهۆک جیای دەکاتەوە. لە ڕۆژئاوا و بەشێکی باشوری ڕۆژئاوای پارێزگای موسڵ هەیە، زێی گەورە لە یەکیان جیا دەکاتەوە. (غفور، 2009، ل.34 – 43)

# بەشی دووەم

## تەوەری دووەم

## پێناسەی بابەتە تیۆرییەکانی پەیوەست بە توێژینەوە.

## تەوەری دووەم: چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە.

### ١- گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆر:

موزیکی فۆلکلۆری کوردی کەلەپورێکی نەتەوەیی و ئەدەبی نایاب و ئاوازی میللی گەلی کوردە، کە گۆرانی بەشێکی گەورەیە تیایدا. گۆرانی فۆلکلۆری ئاواز و هۆنراوەیەکی خاوەننادیارن، کە لە نێو خەلکی سادەی دێهاتەکاندا لە ڕۆژگاری ڕابردوو دانراون و دەماو دەم بە ئێمە گەیشتووە. هەر لە بەر ئەم هۆکارەشە کە بە مولکی گەل ناسراوە. کاراکتەری موزیک و گۆرانی فۆلکلۆری بەوە دەناسرێتەوە، کە لە لایەنی پێکهاتەوە ئاوازی سادەن و ئاسانن بۆ جێبەجێکردن. بۆیە موزیکی فۆلکلۆری هونەرێکی داهێنەرانە و زانستی نیە، بەڵکو بەرهەمی بیرێکی سادەیە بێ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن لە کاتی ژیان و کاری ڕۆژانەی خەڵکی بە ڕیتم و مەقامی جیاواز دایانناون.

هیچ جۆرە گۆرانکارییەکی میلۆدی، ڕیتم، هارمۆنی و پەیژەی موزیکیان تێدا بەدی ناکرێت. بەم شێوازەش دەوترێت (Monotone) . (شارباژێڕی، 1985، ل.57 – 59).

لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا لەگەڵ وریا ئەحمەد (2022، Sep 12) لە پێناسە کردنی گۆرانی فۆلکلۆردا دەڵێ: ئەو گۆرانییانە دەگرێتەوە کە خاوەنی ووشە و ئاوازەکانیان ناناسرێت، لە کۆندا وتراون، دەماودەم بۆمان ماوەتەوە. ڕەنگە بەشێک لە ووشەکانیان دەقاودەق وەکو خۆی بۆ ئێمە نەمابێتەوە، دەشێت زۆرجار ئەو کەسانەی کە فۆلکلۆرەکەیان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە گواستۆتەوە، بە پێی ویست و ئارەزووی خۆیان گۆڕانکاریان بە سەر ووشەکانیاندا هێنابێت.

لەم بارەیەوە بیلا بارتۆک[1] (Bela Bartok) دەڵێ: ئەو گۆرانییانەن کە لە ناو زۆربەی خەڵکی بۆ ماوەیەکی درێژ دەمێننەوە، بە ڕێبازێکی کۆمەلایەتی و هونەری دادەنرێن، جیاوازی کەلتوری خەڵکی دێهاتەکان و شارمان بۆ دەردەخات.

بە شێوەیەکی گشتی گۆرانی فۆلکلۆری دوو جۆری گۆرانی دیکەی لێوە بەرهەم دێت.

**- گۆرانیە میللییە باوەکان:**

گۆرانیە فۆلکلۆرییە دانراوەکان دەگرێتەوە، کە لە سەر شێوازی گۆرانییە فۆلکلۆرییە ڕاستەقینەکان دانراون. بەڵام دانەرەکانیان ئەوخەڵکانەی شارن کە کاریگەری داب و نەریتی دێهاتەکانیان بە سەرەوەیە. ئەو دانەرانە توانای ئەوەیان نییە کە گۆرانییەکان بە شێوەی نۆتەی موزیکی بنووسنەوە، بەڵکو سماعی دایان دەنێن. ئەو خەڵکانەش بە شێکی کەمی ناو کۆمەڵگا پێکدەهێنن، زۆر جار شوێنەکانیان لە نێوان خەڵکی دەوڵەمەندی شار و خەڵکی هەژاری دێهاتەکان دایە، بۆیە لە ناوەرۆکی گۆرانییەکانی شاریش گەلێک جار کاراکتەری گۆرانی میللی بەدی دەکرێت. (Encyclopedia Britannica. 2022: Online).

**- گۆرانی دانراو:**

ئەم جۆرە گۆرانییە دانەرەکەی لە نێو شاردایە و دەناسرێت، پێویستە بە نۆتەی موزیک بنوسرێت، کە ئاستەکەی بە توانای دانەرەکەوە بەندە. لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کورت دەرکەوێت و بە خێرایی ون بێت، بە پێچەوانەی گۆرانی فۆلکلۆری کە بـۆ ماوەیەکی درێژ لە ناو خەڵکدا دەمێنێتەوە. (علی، 1976،ل.11- 16).

[1] تێبینی: بیلا بارتۆک: ژەنیار، دانەرێکی موزیک و توێژەرێکی بە ڕەچەڵەک هەنگاری بوو، بە ڕابەری موزیکی فۆلکلۆری سەرتای سەدەی بیستەم دادەنرێت و زیاتر لە 6000 گۆرانی فۆلکلۆری ڕۆمانی، سلۆڤاکی، گەلێک میلەتی دیکەی کۆکردۆتەوە و پۆلێنی کردوون. لە ساڵی 1881دا لەدایک بووە لە 1945دا کۆچی دوایی کردووە. (عبدولحەمید، 1983، ل.78).

## ٢- گۆرانی و موزیکی میللی:

لە نێوشاردا سەرهەڵدەدات، چینێکی کەمی جوتیارانی دێهات چێژی لێ وەردەگرن، لە ژێر کاریگەری فۆلکلۆردایە. ئەو ئامێرە موزیکییانەی تێیدا بەکاردێن، بێجگە لە ئامێرە فۆلکلۆرییە کوردییەکان و ڕۆژهەلاتییەکان، هەندێک ئامێری بیانیش دەگرێتەوە وەک کلارنێت، ئۆکۆرِدیۆن، ڤیۆلین، هتد.... ( زامدار، 1980، ل.59).

گۆرانی میللی، ئەو گۆرانییانە دەگرێتەوە، کە لە سەر شێوازی گۆرانییە فۆلکلۆرییە ڕاستەقینەکان Real Folk Song دانراون. بەڵام دانەرەکانییان ئەوخەڵکانەی شارن کە کاریگەری داب و نەریتی دێهاتەکانییان بە سەرەوەیە. ئەو دانەرانە توانای ئەوەیان نیە کە گۆرانییەکان بە شێوەی نۆتەی موزیکی بنووسنەوە، بەڵکو بە گوێ (سماعی) دایان دەنێن. ئەو کەسانە بە شێکی کەمی ناو کۆمەڵگا پێکدەهێنن، کە زۆر جار شوێنی ژیانیان لە نێوان خەڵکی دەوڵەمەندی شار و خەڵکی هەژاری دێهاتەکان دایە، بۆیە لە ناوەرۆکی گۆرانییەکانی شاریش گەلێک جار کاراکتەری گۆرانی میللی بەدی دەکرێت. (Lord, B. & Bartok, B. 1951, P.18-20)

## ٣- گۆرانی و موزیکی دانراو:

شوێنی لە نێو شار دایە، دانەرەکەی دیارە، بەشێوەی ئەکادیمی دانراوە. بەڵام تەمەنی لە گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆر کورتترە، زۆر خێرا بڵاو دەبێتەوە و بە خێرایش ون دەبێت. ( زامدار، 1980، ل.59).

بیلا بارتۆک پێی وایە: ئەم جۆرە گۆرانییە دانەرەکەی لە نێو شاردایە و دەناسرێت، پێویستە بە نۆتەی موزیک بنوسرێت و ئاستەکەی بە توانای دانەرەکەوە بەندە.

لەوانەیە بۆ ماوەیەکی کورت دەرکەوێت و بە خێرایی ون بێت، بە پێچەوانەی گۆرانی فۆلکلۆری کە بۆ ماوەیەکی درێژ لە ناو خەڵکدا دەمێنێتەوە. (Lord. B, & Bartok. B, 1951, P.19)

## ٤ – میلۆدی: (Melody)

دەشێت بەو زنجیرە دەنگە موزیکییانە بوترێت، کە لە فانتاسیا و خەیاڵی مرۆڤ بە شێوەیەکی سروشتی دروست دەبن. ئەو دەنگانە لە یەک زنجیرە دەنگی بێ یاوەری و هارمۆنی پێکدێن، بە بیرۆکەی سەرەکی کاری موزیک دادەنرێن و دەشێت بە دەنگەکانی گۆرانی ناوببرێن کە هەموو بەشەکانی وەک هارمۆنی، ڕیتم، کۆنتراپۆینت و کاری موزیکدانانی لە سەر دادەڕێژرێت. ئەم زنجیرە میلۆدییە بە هەردوو شێوەی سەرکەوت و داکەوت بەدی دەکرێت، هەر شێوەیەکییان ئیفێکتێکی جیاواز بە مرۆڤ دەبەخشن. کاراکتەری میلۆدی باش و دەوڵەمەند لەوەدایە کە مۆتیڤ و فرەیزەکانی بە ڕوونی دیاربن و لە زۆرترین فرە دەنگی پێکهاتبێت، جووڵەی زنجیرە دەنگەکانی میلۆدییەکە لە تێکەڵکردنی هەردوو جۆری جووڵەی بە هەنگاو و بازدان پێکهێنرابێت. زۆرجار میلۆدییەکان لە زیاتر فرەیز و مۆتیڤێک پێکدێن. کە لە هەموو بەشەکانی پارچە موزیکەکەدا بەهۆی تەکنیکەکانی دەوڵەمەند کردنی موتیڤ بە شێوەی جۆراو جۆر دووبارە دەکرێنەوە.

دوو جۆرە مۆتیڤمان هەیە کە بریتین لە مۆتیڤی ڕیتمی و میلۆدی، جۆر و کاراکتەری مۆتیڤەکان بە پێی شێوەی پێکهاتەی جوولەی نۆتەکانییانەوە دیاریدەکرێت. Lord. B, & Bartok. B, (1951, P.29)

## ٥- هارمۆنی: (Harmony)

لە بەر ئەوەی میلۆدی بیرۆکەی سەرەکی موزیکی دانەران پێکدەهێنێت. بۆیە موزیکدانەران هەڵدەستن بە جوانکردن و دەوڵەمەند کردنی میلۆدییەکانیان. بە هۆی زیادکردنی نۆتەی نوێ بۆ میلۆدییەکانیان بە شێوەی ستوونی کە پێیان دەوترێت (نۆتەی یاوەر). بەم کردارەش دەوترێت هارمۆنی. دەشێت (Harmony) بەو دەنگە موزیکییانە پێناسە بکرێت کە پێکەوە لە یەک کاتدا دەبیسترێن، یان بەو نۆتانە بوترێت کە یاوەری میلۆدییەکی سەرەکی دەکەن و ئەم زیادکرنەش دەکرێت لە دژە میلۆدییەک یان کۆڕدێک پێکهاتبێت. مەرج نیە هارمۆنی تەنها بە شێوەی ستوونی

دروست بێت، بەڵکو بە شێوەی ئاسۆیش لە نێوان زنجیرە دەنگییەکانی هەر میلۆدییەک دروستدەبن، کە بە شێوەی (Melodic) بەجێدەهێنرێن. (Roger. K, 2010, P.43).

هەروەها مەحەمەد عەزیز شاکر ظاظا سەبارەت بە پێناسەی هارمۆنی دەڵێت: زانستێکە بە شێوەیەکی لۆژیکی و هونەری دەنگە موزیکییەکان و پەیوەندییەکانی نێوانیان ڕێکدەخات، ئەو کردارەیە کە ڕێکخستنی وردی نێوان کۆردە کۆک و نا کۆکەکانی پێ ڕێکدەخرێت و لە ئەنجامدا ڕەوتێکی موزیکی جوان بەرهەم دێت کە هەمیشە پشت بە کۆردی سەرەکی ( Main chord ) دەبەستێت کە لە سەر پلەی یەکەمی تۆنالیتی موزیـــک بنیادنراوە. ( ظاظا، 1988، ل.72).

هەروەها لە پێناسەیەکی دیکەدا هارمۆنی: "ئەو زانستەیە کە لە جۆر و چۆنیەتی دروست بوون و سازاندنی ئەکۆردی سەر دەنگەکانی پەیژەی موزیک و پەیوەندی و ئاڵوگۆڕی ئەم ئاوێزانە بەیەکدیەوە دەدوێـت". (خادجیف، 2005، ل.15).

## ٦- موزیکی زنجیرەیی دووانزە نۆتە: (TWELVE-NOTE SERIAL MUSIC)

"ڕێبازی دانانی موزیک بەهۆی ( دوانزە نۆتەی پەیوەندیدار بە یەکدیەوە) پەرەسەندنێکی گرنگی دانانی موزیک بوو کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە لایەن دانەری نەمسایی ئارنۆڵد شۆنبێرگ (Arnold Schonberg) ەوە داهێنرا. لەم سیستەمەدا ئۆکتافێک بۆ دوانزە نۆتەی نیو پلەیی دابەشدەبێ  هەر نۆتەیەک هەمان گرنگی نۆتەکانی دیکەی دەبێ. واتە گشت نۆتەکان لە گرنگیدا یەکساندەبن. دووانزە نۆتەکەی ئەم سیستەمە، وەک دوانزە نۆتەکەی پەیژەی ڕەنگین (Chromatic Scale) بەکار ناهێنرێن، بەڵکو بە شێوە ڕیزکردنێکی جێگیر ڕێکدەخرێن.

نۆتــەکان لـە سیستەمی دووانزە نۆتەییدا، پەیوەندیان بـە نۆتەیەکەوە نییە ناوی بنکە (tonic) بێ و هـەر نۆتەیـەکییان بـە ئەندازەی ئـەوانی دی گرنگـە".(هاڵست، 2005، ل.369- 371).

### ٧- مۆتیڤ: (Motif & Motive)

لە زانستی موزیکدا، مۆتیڤ (MOTIF) بیرۆکەیەکی موزیکی کورتە، کە لە زنجیرە نۆتەیەکی تێکەڵ لە نۆتەی باز و بە هەنگاو یان هەندێ جار لە یەکگرتنی تیم و فرەیزە بچووکەکان پێکدێت. فرەیزەکان لە بنەڕەتدا دەتوانرێن وەک مۆتیڤێک بناسێنرێن، بکرێنە بنەما بۆ یەکەم هەنگاوی دارشتنی کاری موزیکدانان و هەموو سیمای موزیکەکەی لەسەر دابڕێژرێت. کەواتە ئەگەر مۆتیڤ سادەبێت یان ئاڵۆز، لە پێکهاتەیەکی کەم یان زۆر پێکهاتبێت، ناشێت شێوەی کۆتایی هاتنی پارچە موزیکەکە بە هەمان ئەو کاراکتەرەی لێیەوە دەستی پێکردوە کۆتایی بێت. بەڵکو دانەر تا کۆتایی بە موزیکەکە دەهێنێت بە هۆی تەکنیکە هەمەجۆرەکانی کاری موزیکدانان، چەندەها گۆڕانکاری و پەرەپێدانی ورد لە پێکهاتەی موتیڤەکەدا دەکات. (Arnold. S, 1990, P. 8 -10)

سێ جۆر مۆتیڤ هەیە، کە لە مۆتیڤی ڕیتمی، میلۆدی، هارمۆنی پێکهاتوون.

1. مۆتیڤی هارمۆنی: ئەم جۆرە مۆتیڤە لە زنجیرەیەک کۆرد ( Chord ) پێکهاتووە.

2. مۆتیڤی میلۆدی: ئەم جۆرە مۆتیڤە شێوازێکی میلۆدی هەیە، نۆتەکانی شێوەیەکی زنجیرەیی نەپچڕاویان هەیە و میانەی نێوان نۆتەکان بە هەنگاو یەک بە دوای یەکدا دێن.

3. مۆتیڤی ڕیتمی: میلۆدی ئەم جۆرە مۆتیڤە کاراکتەرێکی ڕیتمی هەیە، کە تا ڕادەیەک شێوە گرۆتینێک بە گوێگر دەبەخشێت. (Mclamore. A, Encyclopedia.com. 2005: Online)

هەروەها مۆتیڤ لەلایەن موزیکدانەران زۆر پێناسەی تایبەتی بۆ کراوە، کە لێرەدا هەندێک لە بیروڕاکان دەخەینەڕوو.

- ئەنتۆن ڤیبێرن (Anton Webern)* دەڵێت: بچووکترین یەکەی سەربەخۆیە لە بیرۆکەی کاری مۆزیکدانان. کە وردە وردە بەهۆی تەکنیکەکانی  موزیکدانان و دەوڵەمەند کردنی مۆتیڤ گۆڕانکاری بەسەردا دەهێنرێت.
- ئارنۆڵد شۆنبێرگ (Arnold Schonberg)* دەڵێت: ئەم بەشە سەرەکییەی موزیکە، کە لە یەک یان زیاتر میانەی دەنگی و ڕیتمی پێکدێت و پێویستە تا کۆتایی پارچە موزیکەکە پارێزگاری لێبکرێت. (Britanica.com. 2022: Online)

## ٨- فۆڕمی موزیک: (Form)

فۆڕم Form یان بە کوردی دەشێت پێیی بوترێت (بۆتە)، "ئەو پارچە موزیکانە دەگرێتەوە، کە لە سەر بنەماو ڕێبازێکی موزیکی دیایکراودا دەنوسرێن. دەکرێت بڵێن ئەم ڕێزمانە موزیکییە دیاریکراوە وەک زانستێکی ئەندازەکاری و نەخشەسازی وایە، بۆ بنیادنانی هەریەک لە بۆتە موزیکییەکان. (فەرەج، 2005، ل.23).

دەستەواژەی فۆرم واتە شێوەی گشتی، یاخود پلانی پێکهێنانی شێوەی پارچە موزیکەکان، کە نەخشەی پێکهاتەی پارچە موزیکەکان ڕووندەکاتەوە. مامۆستایانی زانکۆی ئۆکسفۆرد (Oxford University) زراوەی بۆتەی موزیک بەم جۆرە  پێناسە دەکەن: لە زنجیرە ستراتیژێک پێکدێ، کە مەبەست تیایدا لێک جیاکردنەوەی ئەو فۆڕمانەیە کە لە موزیکدا بەدی دەکرێن.

ڕیچارد میدلیتۆن مامۆستا لە زانکۆی ئۆکسفۆرد پێی وایە: فۆرمەکانی موزیک، چەند شێوەیەک یان پێکهاتەیەکن لە کاری موزیکدا، کە جیاوازیەکانیان لە جۆر و ژمارەدا دەردەکەوێت و پشت بە شێوەی نمایشکردنیان دەبەستن. لە خوارەوە جۆرەکانیان ڕوون دەکەینەوە.

---

* Anton Webern ئەنتۆنیۆ ڤیبێرن: دانەر و ڕابەری موزیکی نەمساوییە، کە لە ماوەی سالانی 1883–1959دا ژیاوە، لەگەڵ ئەلبان بیرگ پێکەوە قوتابی ئارنۆلد شۆنبیرگ بوون. کە بە یەکێک لە کۆمپۆزەرەکانی قوتابخانەی دووەمی ڤیەنایی دادەنرێت بریتی بوون لە ( ئارنۆڵد شۆنبێگ و ئەنتۆن ڤیبێرن، ئەلبنان بێرگ) لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا. (المحاسب،2000، ل. 634).

* Arnold Schonberg ئارنۆڵد شۆنبیرگ: دانەرێکی یەهودی نەمساوی بوو، لە ماوەی 1874-1951 ژیاوە، زۆر پەیوەست بوو بە قوتابخانەی إنطباعی (expressionist) بە ڕابەری قوتابخانەی دووەمی ڤیەنایی و موزیکی سەدەی بیستەم دادەنرێت. کە لەساڵی 1920 دا تەکنیکی پەیژەی موزیکی دوانزە دەنگی ( دۆدیکافۆنی) داهێنا. (هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل.630).

-ستڕۆفیک: (STROPHIC FORM)

- فۆڕمی تێکەڵ: (MEDLEY FORM)

- باینەری: (BINARY FORM)

- فۆڕمی تێرنەری

- ڕۆندۆ: (RONDO)

**جۆرەکانی فۆڕمە موزیکییە بنیادنەرەکان:-**

**سۆلۆ:**

مجید. خاکمەند، (2022)، لە وتارێکی وانەی موزیک سالۆن ووتی: لە مۆسیقادا سۆلۆ (لە ئیتاڵییەوە: سۆلۆ، بە واتای بە تەنیا) بریتییە لە پارچەیەک یان بەشێک لە پارچەیەک کە دەژەنرێت یان دەوترێتەوە کە تاکە ئەکتەرێک تێیدا بەشدارە، کە ڕەنگە بە تەواوی بە تەنیا پێشکەش بکات یان بە ئامێرێکی هاوڕێی وەک پیانۆ یان ئۆرگ پشتگیری بکرێت ، گروپێکی بەردەوام (بە مۆسیقای بارۆک)، یان باقی کۆڕێک، ئۆرکێسترایەک، تیپێک، یان ئەنسەمبڵێکی تر. نمایشکردنی سۆلۆ بریتییە لە "بۆ سۆلۆ"، و ئەنجامدەرەکە بە سۆلۆیست ناسراوە. زۆرجار سۆلۆی ئامێری لە مۆسیقای باودا لە کاتی پشوودان یان پردێکدا بەکاردەهێنرێت بۆ زیادکردنی سەرنج و جۆراوجۆری بۆ بەشێک لە گۆرانییەکە بەبێ تێکست.

**دوێت:**

پێکهاتەیەکی مۆسیقییە بۆ دوو ئەکتەر کە تیایدا ئەکتەرەکان گرنگییەکی یەکسانیان لەگەڵ پارچەکەدا هەیە، زۆرجار پێکهاتەیەک کە دوو گۆرانیبێژ یان دوو پیانۆژەن بەشدارن. جیاوازە لە هارمۆنی، چونکە ئەکتەرەکان بە نۆرە بەشێکی تاکەکەسی پێشکەش دەکەن نەک لە یەک کاتدا نمایش بکەن. پارچەیەک کە دوو پیانۆژەن کە پێکەوە لەسەر یەک پیانۆ پێشکەش دەکەن، "دوێتی پیانۆ" یان "پیانۆ چوار دەست. پارچەیەک بۆ دوو پیانۆژەن کە پێکەوە لەسەر پیانۆی جیاواز نمایش دەکەن، "دووانەی پیانۆ"یە.

**تریۆ:**

مجید. خاکمەند، (2022)، لە وتارێکی وانەی موزیک سالۆن ووتی: لە سەردەمی کلاسیکدا ئەم سێ ئامێرەی وەک ژەنەرێکی مۆسیقای ژوور دەرکەوتن. بریتی بوون لە کەمانچە و ڤیۆلا و چەلۆ. نموونەی بەرچاوی ڤۆڵفگانگ ئامادێوس مۆزارت و بیتهۆڤن لەخۆدەگرێت. 20 پارچەکەی جۆزێف هایدن بۆ دوو کەمانچە و چەلۆیە. هەروەها پارچە سەرنجڕاکێشەکانی سەدەی بیستەمی ئارنۆڵد شونبێرگ و ئەنتۆن ڤێبەر، لەگەڵ بەردەستبوونی پیانۆ لە سەدەی هەژدەهەمدا، سێ پیانۆ (پیانۆ، کەمانچە و چەلۆ) کە پێکهاتەیەکی پڕتر و جۆراوجۆرتر دەکاتە مەمکین، سەرنجی ئاوازدانەرانی بۆ خۆی ڕاکێشا. هایدن نزیکەی ٤٠ دانەیان نووسیوە؛ سێ پیانۆی بیتهۆڤن، لە سێ ئۆپوسی یەکەم (١٧٩٤–٩٥) تا دوو ئۆپوس ٧٠ (١٨٠٨) و سێ کەسی "ئارکدوک" لە بی–فلات مەیجر، ئۆپوس ٩٧ (یەکەمجار لە ساڵی ١٨١٠ یان ١٨١١)، بە بەشێک لە... باشترین بەرهەمەکانی لە مۆسیقای ژووردا. ئاوازدا.

**کوارتێت:**

پێکهاتەیەکی مۆسیقی بۆ چوار ئامێر یان دەنگ؛ هەروەها، گروپی چوار ژەنیار هەرچەندە هەر مۆسیقایەک لە چوار بەشدا دەتوانرێت لەلایەن چوار کەسەوە پێشکەش بکرێت، بەڵام ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئاماژەکردن بە کوارتێتی تەختی (دوو کەمانچە، ڤیۆلا و چەلۆ) بەکاردەهێنرێت، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 1750. ( Encyclopedia Britannica. 2022: Online).

**کوینتت:**

پێنج کەسی تار بە شێوەیەکی ئاسایی دوو کەمانچە و دوو ڤیۆلا و چەلۆیەک لەخۆدەگرێت. شەش بەرهەمی ڤۆڵفگانگ ئامادێوس مۆزارت بۆ ئەم میدیایە لە گەورەترین دەستکەوتەکانی لە بواری مۆسیقای ژووردا دادەنرێت. ئاوازدانەر و چەلۆژەنی ڤێرتۆسۆ لویجی بۆچێرینی لە جیاتی ڤیۆلای دووەم، حەزی لە چەلۆی دووەم بوو؛ 113 پێنج گۆرانی بۆ ئەم پێکهاتەیە و هەروەها دەیان گۆرانی بۆ ئامێرە ئاساییەکانی ئامادە کرد. کوینتێتی فرانز شوبێرت لە سی مەیجر، ئۆپوس ١٦٣ (١٨٢٨)، بە هەمان شێوە دوو چەلۆی هەیە. ( Encyclopedia Britannica. 2016: Online).

## ئۆرکێسترا:

احمد. کاوان، (2022)، لە وتارێکی وانەی موزیک سالۆن ووتی: پێناسەی ئۆرکێسترا بریتیە لە کۆمەڵەیەکی گەورەی مۆسیقاژەن کە ئامێری مۆسیقا بەکاردەهێنن بۆ پێشکەشکردنی میوزیکاڵێک. لەوێ هەندێک لەو ئامێرە مۆسیقیانەی کە لە ئۆرکێستراکەدا دەژەنن وەک کەمانچە و جاز و شمشاڵ و ئەوانی تر. لە بنەڕەتدا ئۆرکێسترا لە فەزای بەردەم شانۆ لە شانۆیەکی مۆدێرن بەڕێوەدەچێت.

## ئۆرکێسترای سەمفۆنی:

احمد. کاوان، (2022)، لە وتارێکی وانەی موزیک سالۆن ووتی: ئۆرکێسترای سەمفۆنی گروپێکی مۆسیقایە کە لە ٥٠ بۆ ١٠٠ مۆسیقاژەن پێکهاتووە. ئامێری تار و بای دار و میس و زەرب لەخۆدەگرت. نزیکەی ٨٠ یاریزان هەیە بۆ پێشکەشکردنی میوزیکاڵەکە. ئۆرکێسترایەکی مۆدێرن لەوانەیە لە ١٢ ئامێری لێدان، ٩ ئامێری بای دار، ٥٠ بۆ ٦٠ ئامێری تار و ١٠ ئامێری مس پێکبێت.

ئەو دەیزانی کام ئامێر و دەنگەکانی مۆسیقا کە دەیەوێت هاوڕێیەتی ئۆپێراکەی ئۆرفیۆ (١٦٠٧) بکات، کە لە نۆتەی خۆیدا ئاماژەی پێدەکات. "ئۆرکێسترای ڕێنێسانس"ی مۆنتیڤێردی دەستی دەکرد بە دەرکەوتنی ئەوەی کە ئێمە پێمان وابوو ئۆرکێسترایەکی مۆدێرن بوو وەک ئامێری مۆسیقا بەشی ڕێکخراو ,زۆر جۆراوجۆر و زۆر تار. لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا، خێزانی کەمانچە (کەمانچە، ڤیۆلا، چەلۆ و باس) جێگەی خێزانی کەمانچە (زنجیرەی ئامێرە تارەکانی سەرەتایی) گرتەوە، لەگەڵ گۆڕانی پراکتیکی کۆمەڵایەتی.

## ٩- ڕیتم:

ئەگەر بیر لە کردارەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆماندا بکەینەوە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە ڕیتم ڕۆڵێکی سەرەکی تیادا دەگێڕێت. بە شێوەیەک هیچ کردارێکی دەوروبەرمان ڕوونادات ئەگەر خاڵی بێت لە ڕیتم بۆ نموونە بە دوای یەکداهاتنی شەو و ڕۆژ یان چوار وەرزەکەی ساڵ و ترپەکانی لێدانی دڵمان و هەناسەدان و هەنگاوەکانی بەڕێ دا ڕۆیشتنمان هەموو ئەو کردارانە بە هۆی میکانیزمێک ڕێکدەخرێن کە پێی دەوترێت ڕیتم . کە ڕۆڵی ڕێکخستنی کردارەکانی ژیانی ڕۆژانە دەگێڕێت و پێکهاتەکەی لەو کاتەوە هەڵدەقوڵێت کە ئێمە تیایدا دەژین. بۆیە لە ژێر ئەم ڕۆشناییەدا،

ڕیتم بە پێکهاتەیەکی سەرەکی کاری موزیک دادەنرێت، کرداری موزیکەکانی پێ ڕێکدەخرێت. کە بە هۆی لێدانەکانەوە دەپێورێت. کە پێیان دەوترێت بیت (beat). (Roger. K, 2010, P.31).

هەروەها لە سەرچاوە زانستییەکاندا ڕیتم پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو. فاڕابی* دەڵێ: ڕیتم بریتیە لە کۆمەڵێک ترپە لێدانی پچڕاو یان نەپچڕاو لە سەر ئامێرە ڕیتمییەکان (percussion) وەک تەپڵ و دەف. (یوسف، 2004، ل.11).

هەروەها ماکس بەنشار بەشێوەیەکی دیکە پێناسەی ڕیتم دەکات کە دەڵێت: پێکهاتەیەکی میلۆدییە لە ناو پێکهاتە سەرەکییەکانی هونەری موزیکدا، وەک پێکهاتەیەکی دەرەکی ڕۆڵی ڕێکخستنی پێکهاتە ناوەکییەکانی موزیک دەگێڕێت. (بنشار، 1972، ل.49)

## ١٠- تێم: (Theme)

بیرۆکە میلۆدییە سەرەکی و سادەکانی کاری موزیکدانانە، یان بیرۆکەی سەرەکییە کە پارچە موزیکییەکانی لێوە سەرچاوە دەگرێت، بە هۆی تەکنیکی گۆڕانکاری (Variation) بەشێک یان گشت بەشەکانی پارچە موزیکەکانی لێ پێکدێت.

تێمە میلۆدییە نوێکان کە بە هۆی گۆڕانکاری (variation) یەوە پێکدەهێنرێن، میلۆدیەکی بەیەکچوو و نزیک لە تێمە بنەڕەتییەکەوە دەبن و زۆر لێی دوور ناکەونەوە. ئەم شێوازە زیاتر لە بۆتە موزیکییە ئامێرییەکان سوودی لێ وەرگیراوە. مەرج نییە هەموو کات تێم (Theme) ڕاستەخۆ لە سەرەتای پارچە موزیکەکانەوە ببیسترێت، بەڵکو گەلێک جار بە شێوە نمایشکردنێکی کورت لە هەر بەشێکی بۆتە موزیکیەکاندا بێت نمایش دەکرێت. ئەم میلۆدییە نوێیانەی کە بە هۆی تەکنیکی گۆڕانکارییەوە لە ڕۆحی تێمە سەرەکییەکەوە بەرهەمدەهێنرێن و لە کاری موزیک داناندا پارچە موزیکەکانی پێ درێژ دەکرێتەوە. لە زمانی موزیکدا بە دوو شێواز ناو دەردەبڕدرێن یان

* فاڕابی: فەیلەسوفێك و زانایەکی بە ناوبانگی ئیسلامییە، ناوی ئەبو نصر مەحەمەد فاڕابییە، لە ماوەی ساڵانی 874-950 ی زاینی دا ژیاوە. شارەزاییەکی باشی لە زانستی پزیشکی دا هەبوو. ( أصیبعة.إبن أبی، 2003، ل.398).

به هۆی پیتەکانی زمانی ئینگلیزییەوە دەبێت بەشێوەی تیمی A، تیمی B، یان بە هۆی دەستەواژەی Variation1،Variation2دەبێت. (Crotch. W & Brenard. R, 1998, P.37)

### ١١- موزیکدانەر: (Composer)

لە گفتوگۆیەکی تایبەتدا لەگەڵ سەگرمە، (April 13 ،2015) لە پێناسەکردنی دانەر (Composer) دا ووتی: "ووشەی (Composer) لە بنەڕەتدا لە زاراوەی (Composer) ی لاتینیەوە وەرگیراوە، کە لە ئەدەبی لاتینی واتای پێکەوەدانان دەبەخشێت. بەو کەسانەی کاری موزیکدانان (Composition) ئەنجام دەدەن دەوترێت (Composer). یان بە کوردی دەشێت پێیان بوترێت دانەر، کە هەڵدەستن بە دروستکردنی موزیک بۆ ئەوەی لە لایەن بەجێهێنەرانەوە بژەنرێت. بۆ ئەو مەبەستەش سوود لە میتۆد و تەکنیک و کارامییەکانی کاری موزیک دانان وەردەگرن. کە گرنگترینیان بریتین لە نۆتاندن، نوسینی موزیک، تیۆرەکانی موزیک، زانستی ئامێرەکان، ئۆرکێسترا و گەلێک تەکنیکی دیکەی وەک چۆنیەتی گەشەپێدانی میلۆدی و مۆنتاژکردنی موزیک و تۆمارکردن و پێداویستییەکانی دیکەی بەرهەم هێنانی موزیک". (مصطفی، ٢٠١٦، توێژینەوەی ماستەر)

### ١٢- کاوەنتەرپۆیینت & کۆنترەپۆیینت (Counterpoint)

ووشەی کۆنتراپۆینت کە کورتکراوەکەی بریتیە لە C.P مێژووەکەی بۆ کۆتایی سەدەی چواردەهەمی زایینی دەگەڕێتەوە، لە دەستەواژەی دەنگ بەرامبەر دەنگ ( punters contra punters ) هاتووە. پرەنسیپی کۆنترەپۆیینت واتە ئەو دەنگانەی کە بەرامبەر ئاوازی سەرەکی کانتوسفرمۆس C.F دەدەنرێن و بە واتای دوو ئاواز دێت کە لە هەمان کاتدا بەجێدەهێنرێن. (ظاظا، 1997، ل.7).

## ١٣- سیستەمەکانی هارمۆنی لە موزیکی هاوچەرخدا.

**تونالیتی: (Tonality)**

بریتییە لە ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان مەقامە سەرەکی و لاوەکییەکانی ناو کاری موزیکدانان، کە پێویستە هەر دوو مەقامەکە تیایدا بەڕوونی دەرکەون، ڕوون بوونی هەموو پێکهاتە و بابەتەکانیش بەو پەیوەندییەوە بەندە کە دانەر لە نێوان هارمۆنی و ئەکۆردە لاوەکییە بەکارهاتوەکانی ناو کارە موزیکییەکە و ئەکۆردی تۆنی سەرەکی لە هەموو بەشەکانی ناو کارە موزیکییەکەدا دروستی دەکات.

هەروەها بابەتی سەرەکی و مەقام ڕوونتر دەبێت ئەگەر هاتوو ئەکۆردەکان بە شێوەیەک بەکارهێنران وەک ئەوەی کە بۆ بابەتێکی دیاریکراو بێت. بۆ ئەوەی بتوانین بە ئاسانی لە کۆتاییدا بگەڕێینەوە سەر تۆنی سەرەکی.

بۆیە پێویستە لە درێژەی هەموو کارێکی موزیکیدا، پەیوەندی و بالآنسی نێوان مەقامەکان بە ڕوونی دیاربێت. کە توێژەر لە میانی کارەکەدا، لە نێوان ئەکۆردەکانی تۆنی سەرەکی و کۆردە لاوەکییەکانی دیکەدا بەم شێوانەی خوارەوە دروستی دەکات.

١- یان لەگەڵ ئەکۆردەکان تۆنیک دەبێت لەوکاتەی کە ڕێکدەخرێت لەگەڵ ئەکۆردی دۆمینانت و سوبدۆمینانت لە دەرەوەی سیستەمی تونالیتی دا تا ئەو کاتەی کە لە سەر یەکێکییان دەوەستێتەوە.

٢- یان بە ئاڵوگۆڕ بوونی لەگەڵ ئەکۆردە لاوەکییەکانی دیکەی ناو کارەکەدا دەبێت، تا ئەو ئاستەی کە بە تەواوی لە بابەتی سەرەکی دوور دەکەوێتەوە و بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ بۆ بابەتێکی نوێ دەگۆڕێت. بەڵام لە هەموو بارودۆخەکاندا پێویستە بابەت و مەقامەکان ڕوون بن. هەتا ئەگەر هاتوو ئەکۆردە تەنافۆرەکانیش لە ڕستەی موزیکیدا بەدی کران. (هاڵست، 2005، ل.123- 128).

بێگومان ئەم شێوازە فراوانە دەکرێت بگونجێت لەگەڵ زۆر بابەت و ئایدیای نوێ و هەمەجۆر، کە لەکاتی کارکردندا لە بیری دانەری موزیک دروست دەبێت کە دەتوانرێت بگونجێنرێت لەگەڵ مەقامی سەرەکی دا. ( ظاظا، 1988، ل. 436–439).

## ئەتۆنالیتی: (Atonality)

مەبەست لە ئەتۆنالیتی موزیک، واتە ئەو شێوازە موزیکییەی کە لە دەرەوەی سیستەمی موزیکی تۆناڵ دایە، واتە لە دەرەوەی سیستەمی موزیکی سەدەی حەفدەهەم و هەژدەهەمی وەک سەردەمەکانی میدیڤاڵ و ڕێنسانسی ئەوروپی دایە، لەم سیستەمەدا نۆتەیەک نییە بەناوی نۆتەی بنکە. مێژووی سەرهەڵدانی ئەم سیستەمە، یەکەمجار بۆ سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە، بە دیاریکراوی لە ساڵی 1908 دەستیپێکردوە و  تاکو ڕۆژگاری ئەمرۆ بەردەوامی هەیە.

بۆ یەکەم جار لە لایەن ئارنۆلد شۆنبێرگ (Arnold Schonberg) دۆزرایەوە، کە بریتییە لە شێوازی دانانی موزیک لە سەر 12 نۆتەی نیو پلەییی یەکسان. واتە لە دەرەوەی سیستەمی پەیژەی دیاتۆنیک (Diatonic scale). کەواتە لەم سیستەمە موزیکییەدا بایەخی سەرەکی تەنیا بە حەوت تۆنە سەرەکییەکەی پەیژەی دیاتۆنیک نەدراوە، بەڵکو هەر یەک لەم 12 تۆنە نیو پلەییە هەمان نرخ و گرنگی 7 دەنگەکەی سیستەمی دیاتۆنیکییان هەیە. ڕۆڵی سەرەکییان پێدراوە و دەکرێت کاری موزیکی لە سەر هەریەکێکییان دابرێژرێت. لە بەناوبانگترین دانەرەکانی بریتین لە (Arnold Schoenberg، Alban Berg، Anton Webern) کە بە قوتابخانەی دووەمی ڤیەنایی ناسراون, گەلێکی دیکە  وەک ( Alexander Scriabin،Igor Stravinsky، Sergei Prokofiev، Paul Hindemith، Bela Bartok، Claude Debussy، Edgard Varese) لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم کاریان کردوە. (Academic.eb.com.2015: Online)

## پۆلیتۆنالیتی: (Polytonality)

ئەگەر هاتوو دانەر لە زۆر بەکارهێنانی مەقامی لاوەکی لەگەڵ ئەکۆردی سەرەکی ناو کارە موزیکییەکەی سڵی نەکردەوە. ئەوە لەو حالەتەدا ئاراستەی کارەکە بۆ شێوازی ئەتۆنالیتی

دەگۆڕێت. کە شێوازێکی دیکەی کاری موزیکدانانە، کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم لەلایەن موزیکدانەرەکانی سەردەمەکەدا بەکارهێنرا. بریتییە لە بەکارهێنانی چەندان مەقامی جیاواز بەیەکەوە لە یەک کاتدا  لە ناو کاری موزیکیدا. بەم شێوەیە ئەگەر هاتوو لەیەک کاتدا لە ناو کاری موزیک دوو مەقانی جیاواز بەکارهێنرا  ئەوا دوو کاراکتەری جیاواز دروست دەبێت کە پێی دەوترێت (بی تۆنالیتی). ئەمەش بە هۆی بەکارهێنانی مەقامی جۆرا و جۆرە دەبێت کە پێی دەوترێت (پۆلی تونالیتی) لە گرنگترین کۆمپۆزەرانی سەردەمەکە کە لەم شێوازە موزیکییە کاریان کردوە بریتین لە هۆنیگر، بیلا بارتوک، هیندمیث, زیمانۆفسکی. (ظاظا، 1988، ل.436)

هەروەها ئەگەر لە هونەری موزیکدا، ژەنینی دوو یان زیاتر کۆڕدی جیاواز یان کۆڕدی پەیژەی موزیکی جیاواز لە یەک کاتدا بەیەکەوە بەکارهات، پێی دەوترێت پۆلیتۆنالیتی. بە واتایەکی دیکە، کۆمەلێک دەنگ و کۆڕدی پێکەوە بەکارهاتوو و ژەنراوە لە کاری موزیکداناندا. پێی دەوترێت پۆلیتۆنالیتی. (Academic.eb.com.2015: Online)

## پۆلی هارمۆنی: (Poly-Harmony)

بریتییە لە ژەنینی دوو ئەکۆرد یان سێ ئەکۆڕدی پەیژەی جیاواز کە لەیەک کاتدا کە پێکەوە دەژەنرێن، هەریەکەیان سەر بە مەقامێکی جیاوازن. ( ظاظا، 1988، ل. 436-439)

## پۆلی ڕیتمی: (Poly- Rhythmic)

لە هەمان کاتدا پێشی دەوترێت (Cross-rhythm)، واتە یەکتربڕینی ڕیتم، واتە پێکەوە هاتنی کۆمەلێک ڕیتمی شێوە جیاواز و دژ بەیەک لە کاری موزیکداناندا. کە دەکرێت لە یەک باڕدا بەکاربهێنرێن. بۆ نموونە لە ئامێری پیانۆ، ئەگەر باڕێکی 2/2 واتە دوو دوومان هەبێت، دەکرێت هەشت نۆتەی دەبڵ کرۆش لە دەستی ڕاست بەرامبەر بە شەش نۆتەی کرۆش لە جۆری نۆتەی کۆکراوە واتە دوو گروپی سییانی (Triplet) یان بە پێچەوانەوە بەکاربهێنین. (Academic.eb.com.2015: Online)

## ١٤- کانون: (Canon)

(بارزان، (2015)، لە ووتارێکی تۆمارکراودا پێناسەی سیستەمی کانوونی بەم جۆرە کرد: زاراوەی (canon) ئامێرێکی یۆناننیە و بە واتای ڕێکخستن یاخود یاسا دێت. لەسەر بنەمای (Imitation) واتە لاسایی کردنەوە بنیاد دەنرێن، دەکرێت بۆ دوو یان زیاتر هێڵی دەنگی یان ئامێری بەکاربهێنرێت. شێوازی دارشتنەکەی بریتیە لە دەستپێکردنی هێڵێکی میلۆدی بە تەنیا کە ئامێرێک یان گرۆپێکی ئامێری میلۆدییەکە دەژەنێت، دواتر لە کاتێکی دیاریکراودا کە دانەر دەستنیشانی دەکات. هێڵێکی دیکە دەست بە ژەنینی هەمان میلۆدی دەکات. ئیتر دەکرێت هێڵی زیاتریش یەک بە دوای یەک دەست بە ژەنینی هەمان هێڵی میلۆدی بکەن.

هەروەها لە ناساندنێکی دیکەدا سیستەمی کانون: ئەم داهێنانەیە کە لە تاقیکردنەوە سەرەتاییەکانی گۆرانی چرینی چاخەکانی ناوەندا سەری هەڵداوە. بریتییە لە ژمارەیەک ڕێچکە میلۆدی، کە یەک بە دوای یەکدی دەستەواژەی سەرەکی دووبارە دەکەنەوە لاساییکردنەوەیەک پێکدەهێنن کە پێی دەوترێت خولانەوە (Round). لەم جۆرەی لاساییکردنەوە (Limitation) هەر ڕێچکەیەک هەمان ئاواز بە ووردی دەپارێزێ و دووبارە دەکاتەوە، پێی دەوترێت کانون (Canon) کانون ووشەیەکی گریکییە واتای پارێزگاری کردنی شتێک بە وردی بە تەواوی دەبەخشێت. کە هەندێک جار زاراوەکانی خولانەوە (Round) و کانون (Canon) لە بڕی یەکدی بەکار دەهێنرێن. بەڵام لە ڕاستی دا جیاوازی نێوانیان ئەوەیە، لە خولانەوەدا هەتا ڕێچکەی یەکەم نەگاتە کۆتایی دەستەواژەکە، ڕێچکەی دووەم ناچێتە ناوەوە. بەڵام لە کانوندا پێش کۆتایی هاتنی ڕێچکەی یەکەم، ڕێچکەی دووەم دەستپێدەکات.

ڕێچکەکان لە کانوندا پێویستیان بەوەیە دەستەواژەکانی یەکدی لە هەمان چیندا دووبارە بکەنەوە، بەڵکو لە چینی دیکەوە دووبارەی دەکەنەوە و دەچنە ناوەوە.

بە نموونە گەلێک جار کە ڕێچکەیەک دەچێتە ناوەوە لە چوار نۆتە خوار یان لە پێنج نۆتە سەر ڕێچکەکەی دیکەوە دەستپێدەکات. ( هالست، 2005، ل.131).